جامی سوپەری ئیسپانیا... بەرشەلۆنە شکستی بە ریاڵ مەدرید هێنا و بووە پاڵەوان



لە جامی سوپەری ئیسپانیا بەرشەلۆنە بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە دوو گۆڵ شکستی بە ریاڵ مەدرید هێنا و بووە پاڵەوان.

لە یاریی کۆتایی جامی سوپەری ئیسپانیا، هەردوو یانەی ڕیاڵ مەدرید و بەرشەلۆنە لە یاریگای گۆهەری گۆشاوە لە شاری جێددە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە.

لە تایمی یەکەمدا، ریاڵ مەدرید سەرکەتایەکی باشی هەبوو؛ بەڵام دواتر بەرشەلۆنە دەستی بەسەر یارییەکەدا گرت و توانییان لە خولەکی 36دا، لە ڕێگەی هافینیاوە گۆڵی یەکەم تۆمار بکەن.

بەڵام کۆتاییەکانی ئەم تایمە ململانێیەکی تووندی بەخۆوە بینی و لە خولەکەکانی کاتی زیادکراودا سێ گۆڵ تۆمار کران؛ سەرەتا ڕیاڵ مەدرید لە خولەکی دووەمی کاتی زیادکراودا ئینجامەکەی لە ڕێگەی ڤینیسیۆسەوە یەکسان کردەوە، پاشان لە خولەکی چوارەمی کاتی زیادکراودا لیڤا دووبارە بەرشەلۆنەی پێشخستەوە.

دواجار پێش کۆتایی هاتنی تایمەکە و لە خولەکی شەشەمی کاتی زیادکراودا، گۆنزالۆ گارسیا گۆڵی یەکسانبوونی بۆ ڕیاڵ مەدرید تۆمار کرد و تایمی یەکەم بەو ئینجامە سەرنجڕاکێشە کۆتایی هات.

لە تایمی دووەم، ریاڵ مەدرید باشتر بینرا لە سەرەتاکان، چەندین هەرشی برد و چەند تێپەکی ئاڕاستەی

گۆی خوان گارسیا کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبووون لە گۆڵ تەمارکردن، لە بەرامبەردا بەرشەلۆنە لە ئاکامی هەرشێک لە خولەکی 73 گۆی سەیمی لەڕی رافینیاوە تەمارکرد، پاش ئۆوەش یارییەکە بۆ ئینجامە مایۆە سەرەای هۆوەکانی هەردوولا.

سەرئنجام، یارییەکە بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە دوو گۆڵ کۆتایی پێهات و بەرشەلۆنە بووە پاڵوانی جامی سوپەری ئیسپانیا.